PAPER DETAILS

TITLE: Standard Language, Phonology and Alphabet

AUTHORS: Bakir O ALI,Abdulwahab KH MOSA

PAGES: 53-74

ORIGINAL PDF URL: https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/687448

# زمانى ستاندەر، فۆنۆلۆژى و ڕێنوس

# Standard Language, Phonology and Alphabet

Bakir O. Ali*
Abdulwahab Kh. Mosa**

**پۆختە**

هۆكارێن مێژوويى رۆلەكێ مەزن گێڕايە كو هەتا نهو كورد نەبوينە خۆدان ئەلفابێيەكا خۆسەر و بێ ئارێشە، يان هەر چ نەبيت ئەو ئارێشێن هەين ب ساناهى خۆ بدەن دەستێ لێكۆلەران بۆ ل دويڤچوون و ب دەستڤەهێنانا چەند ئەنجامێن كەتوارى و ل دوماهيێ ژى ببنە شەنگستەكێ زانستى كو قۆناغ بۆ قۆناغێ ئاڤاهيێ نڤێسين و راستنڤێسا كوردى ب رێك و پێك ل سەر بهێتە ئاڤاكرن.

* Prof. of Linguistics (Phd) University of Sulaimani Sulaimani. Kurdistan Region- IRAQ
e-mail: bakromar15@yahoo.com

** Assist. Prof. of Linguistics (Phd) University of Zako Duhok. Kurdistan Region- IRAQ
e-mail: abdilwahabm@yahoo.com

ژی هەبوونا ڤێ دیاردا ل سەری ب شێوەکێ گشتی ئەڤ دوو خالێن هەرە نەرینی ل دویڤ خۆ هێلاینە:

ئێك - کورد نە خۆدان ئێك کولتووری نڤێسینێنە.

دوو - زمانێ کوردی نهو خۆدان کۆمەکا دیالێکت و دەڤوکێن ژێکجودایە و کوردستان ژی یا دابەشکریە د ناڤبەرا چەندین دەولەتێن فرەنژاد و فرەکەلتوور خۆدان زمانێن خۆییێن جودا ژ زمانێ کوردی، ڤێ چەندێ ژی ب هەر رەنگەکێ هەبیت کارتێکرنا خۆ ل سەر بیرکرنا مروڤێ کورد و زمانێ کوردی کریە و مە بڤێ و نەڤێ ژی ئەڤرۆ د مەیدانا نڤێسینا کوردیدا ئەم یێن بوینە خۆدان دوو ئەلفابێیێن نڤێسینا ب زمانێ کوردی.

سەبارەت ئەو هەردوو ئەلفابێیێن نهو کوردان هەین بۆ نڤێسینێ، ڤێجا چ ئەلفەبێیا تیپێن عەرەبی بیت بۆ نڤێسینا زمانێ کوردی یان ئەلفابێیا تیپێن لاتینی بیت بۆ نڤێسینا زمانێ کوردی، هەرئێکێ ژ وان ئاریشە و کێماسیێن خۆ هەنە و د شیاندایە ل دویڤ پیڤەرێن زانستی و تێگەهێ ئەلفابێ لێکۆلینەکا زانستی بۆ ڤێ دیاردێ بهێتەکرن و وەکو پێدڤی ، رەخساندن و گونجانا وێ ل گەل تایبەتمەندیێن زمانێ کوردی بهێتە بنەجهکرن.

(کلیلا لێکۆلینێ: زمانێ کوردی، زمانێ ستاندەر، ئەلفابێیا ستاندەر، فۆنۆلۆژی)

**ABSTRACT:**

Historical events played a big role in the fact that the Kurds still do not have an own alphabet without obstacles. If those obstacles are known to researchers and if they investigate in them and obtain cultural results, the latter can become a scientific fundament so that step by step the formal Kurdish writing can be built on. Each of both alphabets the Kurds have for writing, whether the Arabic or the Latin letters of the alphabet are used, has its obstacles and shortcomings. It is possible to resolve this issue with scientific measurements and understanding of the alphabet in order to adjust and conform those with the unique needs of the Kurdish language.

This thesis called "Standard Language, Phonology and Alphabet" is about the stan-

dardization of the language and its relation to phonology and writing. In addition, the attempt to identify the number of phonemes by vowels and consonants is made. There are some notes registered about writing, as well. The research is a branch of phonology and has taken advantage of the other branches of linguistic methods whenever needed. This thesis is a descriptive analysis and has not been influenced by any historical events.

**Keywords:** Kurdish language, standard language, standard alphabet, phonology.

**أ- ناونیشانی باسەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە پێی ناونیشانەکەی تایبەتە بە زمانی ستاندەرو پەیوەندی ئەم زمانە بە فۆنۆلۆژی و ڕێنوسی کوردییەوە.

**ب- گرنگی بابەتەکە:**

لەم توێژینەوەینەوەیەدا هەوڵدراوە ژمارەی فۆنیمەکان بە کۆنسنانت و ڤاوڵەوە دیاریبکرێت و سەبارەت بە ڕێنوسی کوردی چەند سەرنجێك تۆمارکراوە.

**ج- سنوری باس:**

سنوری باسەکەمان لە چوارچێوەی ئاستی فۆنۆلۆژیدایە و لە هەمان کاتیشدا سود لە ئاستەکانی تری زمانیش وەرگیراوە.

**د- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم باسەدا بە تیۆری وەسفی شیکاری کارکراوە و هیچ گەڕانەوەیەکی تێدا نییە بۆ مێژو.

## 2- کورد و زمانی ستاندەر

**أ- زمانی ستاندەر:**

زمانی ستاندەر بەو زمانە فەرمی یە دەناسرێ کە لە دام و دەزگا فەرمی یەکان و ڕاگەیاندنەکان و خوێندن و نوسیندا بەکاردێ.

ئەزمونی میللەتان و مێژو، چۆنیەتی دیاریکردنی زمانی ستاندەر روندەکەنەوە ، ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە دیالێکتێك بە بڕیارێکی سیاسی بێ یان لە ڕێی هەڵکەوتنی هەندێ بارودۆخەوە (ئایینی - ئەدەب - دیالێکتی پایتەخت ...) ئەبێتە

لە ئێستا و ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، قسە و کۆڕ و سیمینار و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە لە ئارادایە و بە ڕادەیەك سیاسیەکانیش چونەتە ناو ئەم مەسەلەیەوە باس لە دیالێکتێ یان دوان دەکرێ کە ببنە ستاندەری کوردی، مەبەست لە (دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی باکورە).

ئەو بۆچونەش لە ئارادایە کە ڕۆژگارەکانی سەدەی نۆزدە بەسەرچوون و نابێ بە زۆر دیالێکتێ بسەپێنرێ بەسەر ئەوانی تردا.

**ب- کورد و زمانی ستاندەر:**

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە زمانی ستاندەر، زمانێك نییە جیاواز بێ لە دیالێکتەکانی، یان زمانێکی باڵا و بەرزتر بێ لە دیالێکتەکان، ئەمە بۆ کورد زۆر ڕاست و دروستە، چونکە زمانی ئاخاوتنی کوردی و زمانی نوسینی وەك میللەتانی تر نییە و لە یەك جیاواز نین و بۆشاییەك لە نێوانیاندا نی یە.

دیارە ئاگاداری ئەوەشین کە زمانی فیزیا و کیمیا و بوارە زانستییەکانی تر لەگەڵ ئاخاوتنی ئاساییدا، زاراوەی جیاوازیان هەیە ، ئەمانە شێوەزاری پێشەیین و واتە هەر پیشەیەك زاراوەی تایبەتی بە خۆی هەیە ، کەواتە ئەمانە پەیوەندییان بە زمانی ستاندەرەوە لەو جۆرە نییە کە بڵێین لەیەك دورکەوتونەتەوە، کەواتە ئەوەی مەبەستی ئێمەیە کە زمانی ڕۆژنامەکانی سییەکان و چلەکان و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ ئاخاوتنی ئاسایی خەڵکی لەیەك جیابونەتەوە و دورنین لەیەکەوە.

هەموو میللەتێك خاوەنی زمانی ستاندەر و کوردیش بەهەمان شێوەیە بەو واتایەی کە زمانی ستاندەر دروست ناکرێ ، بەڵکو خۆی یەکێك لە دیالێکتەکان و بە بڕیارێکی سیاسی دیاریدەکرێ، کەواتە ئێمەش تەنیا بڕیارەکەمان ماوە کە ناوی ئەو زمانە ستاندەرە بنێین و زمانەکە خۆی هەیە.

ئێستا باسی دیالێکتێك و دوان دەکرێت، کرمانجی ناوەڕاست بەو پێیەی خزمەتێکی زۆری کراوە لە روی فەرهەنگەوە و سەردەمانێکی زۆر زمانی ئەدەبی بووە و زمانی فەرمی جکومەتی شێخ محمود بووە و زمانی فەرمی حکومەتی کوردستان (مهاباد) بووە و زمانی فەرمی دوای (11) ئازاری (70) بووە، ژمارەیەك لایەنگری ئەم دیالێکتە دەکەن، ژمارەیەکی تریش لایەنگری دیالێکتی باکورن، کە ئاشکرایە لەم ساڵانەی دواییدا بزوتنەوەی کوردایەتی لەو پارچەیەدا هەڵسانەوەیەکی مەزنی بە خۆیەوە بینیوە و ژمارەیەکی گەورەی نەتەوەکەمان بەو دیالێکتە دەدەوێن و .. هتد. لە هەمو حاڵەتێکدا

هەمو راستی یە زمانییەکان لە فەرهەنگ و ڕێزمان، ئەوەیان چەسپاندووە کە ئەم دو دیالێکتە یەك زمانن.

ئێمە لەو بڕوایەداین ئێستای نەتەوەکەمان ئەوەی سەپاندووە بەسەرماندا کە بە دو دیالێکت یان بە جۆرێکی تر بە دو ستاندەر بڕۆین بە ڕێوە، ئەوەی لە راگەیاندنەکاندا بەدیدەکرێت (تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، گۆڤار،..) دروستی ئەو بۆچونەی سەرەوەمانە، لە راستیشدا لەم کرانەوەیەی ئەمرۆدا و لە پاڵ ئەو گەشە تەکنەلۆژیایەی پەیوەندییەکان بە خۆیەوە بینیوە، کارەکەمان بۆ ئاسان دەکەن و ئەنجامەکەی ئەوەیە کە هەمو کوردێك لە ماوەیەکی تردا بتوانێ هەر دو دیالێکتەکە بەکار بهێنێ.

**ج- یەکخستنی دیالێکتەکان:**

زۆر جار ئەو باسە دێتە ئاراوە کە دیالێکتەکان یەکبخرێن، لە راستیدا ئەمە بۆچوونێکی نازانستی یە چونکە لە زماندا بە بڕیار گۆڕان رونادات، بەڵکو بە پێی تێپەڕبونی کات گۆڕانکاری دێتە کایەوە، مەبەستمان ئەوەیە کە جیاوازی (نێر و مێ) لە کرمانجی باکوردا بە بڕیار لاناچێ ، هەر وەك چۆن بە بڕیاریش ناهێنرێتەوە ناو کرمانجی ناوەڕاست، کەواتە بۆ دیاریکردنی ستاندەر ئەبێ لەگەڵ ئەو بۆچونەدا یەکبگرینەوە کە ئاسایی بێ دو ستاندەر پێکەوە هەبن.

لێرەدا ئەکرێ دیالێکتەکان لە بواری وشە و زاراوەدا لەیەك نزیك بکەینەوە ، کەواتە زمانی ستاندەر چییە و چۆن دیاریدەکرێت، بیروڕای خۆمان لەسەر دەربڕی، هەروەها زمانی ستاندەر دیالێکتێ یان دوان بێ.

لەمە گرنگتر ئەوەیە کە ئەبێ پێشەکی وەڵامی هەندێ پرسیار بدەینەوە لەوانە ئایا ژمارەی فۆنیمەکانی کوردی چەندە و ئایا لە نوسیندا وەك ئاخاوتن بنوسین یان وەك مێژو .. .

## 3- فۆنیمەکانی زمانی کوردی

### أ- دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی:

فۆنیم: بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زمانێکی دیاریکراودا بەهایان هەبێ، واتە بتوانن واتای وشە بگۆڕن، بۆ نموونە (چ) لە کوریدا واتای وشەمان بۆ ناگۆڕێ لەبەر ئەوە

لەم پێوەرە زیاتر پێوەرێکی ترمان نییە بۆ دیاریکردنی فۆنیم، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی دیاریبکەین. وەك هەر زمانێکی تر فۆنیمەکانی زمانی کوردی لە دو دەستە پێکدێن کە بریتین لە کۆنسنانت و ڤاوڵەکان.

ئاشکرایە کە زمانناسان و نوسەرانی کورد، بۆچونی جیاوازیان دەربارەی ژمارەی فۆنیمەکان (کۆنسنانت و ڤاولەکان) ( فەتاح 1982 ، ل 238، 243،242) هەیە، وەك ئێمەیش بۆی دەچین، هەوڵدەدەین ژمارەی فۆنیمەکان دیاریبکەین.

**کۆنسنانتەکان (C)**

1- ب
2- پ
3- ت
4- د
5- ج
6- چ
7- ح
8- خ
9- غ
10- س
11- ش
12- ز
13- ژ
14- ف
15- ڤ
16- ق
17 - ك
18- گ
19- ل
20- ڵ

**ڤاوڵەکان (V)**

| | | |
|---|---|---|
| ێ | a | به لاتینی |
| ه | e | |
| و | u | – w |
| ی | î | – y |
| ۆ | o | |
| ێ | ê | |

بە پێی ئەم توێژینەوەیە ، ئێمە لەو بڕوایەداین کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (31) فۆنیمە، واتە لە (25) کۆنسنانت و (6) ڤاولْ پێکدێت، بە واتایەکی تر (همزە ، ع) لە کوردیدا پلەی فۆنیمیان نییە و هەروەها (و ، ی) نابێ لە ناو کۆنسنانت و ڤاوڵەکانیشدا حسابیان بۆ بکرێت، (وو) واوی درێژیش پلەی فۆنیمی لە ناو ڤاوڵەکاندا نییە (عەلی 2005، ل 15) (i) بزرۆکەش وەك (غازی) دەڵێ ئەلەفۆنی فۆنیمی (ی) (ئەمین 1982، ل 447، 448) ییە و بۆ پێداویستی بڕگەکردن ڕۆڵی ڤاولْ ئەبینێ، ئەگینا خۆی فۆنیم نی یە.

21- ر
22- ڕ
23- ن
24- م
25- ه

**ب- لایەنە کێشەدارەکانی فۆنۆلۆژی کوردی:**

فۆنۆلۆژی کوردی هەندێ لایەنی تیایە و لە کاتی خۆیدا کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، نامیلکەیەکیان بەو ناونیشانە دەرکرد کە تیایدا باسی واوی درێژ و (وەیس 1984، ل 78) هەمزە و هەندێ دەنگی تریشی تێدایە، ئێمەش لای خۆمانەوە لەسەر ئەو فۆنیمانە بۆچونی خۆمان دەخەینەڕو.

**1- هەمزە ( ء):**

دیارە کە هەمزەی سەر کورسی لایەنێکی کێشەدارە و زمانەوانە کوردەکان بیروڕای جیاوازیان لەسەری هەیە، هەندێك بە فۆنیمی دەزانن و هەندێکش بە فۆنیمی نازانن ( عەلی 2014 ، ل 195)، ئێمەیش لەگەڵ ئەو بۆچونەداین کە هەمزە لە کوردیدا پلەی فۆنیمی وەرنەگرتووە.

لە زمانی عەرەبیدا (ء) هەمزە لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، هەر بۆ نمونە لە ناوەڕاستەوە وەك وشەی (بئر) ، بەڵام لە کوردیدا جگە لە وشەی (نەء) کە هەمزەکە کەوتۆتە کۆتایی وشەکەوە، لە وشەیەکی تردا بەدیناکرێت.

پێشەکی و بە بێ گومان (هەمزە) لە ناوەڕاستی هیچ وشە و بڕگەیەکی کوردیدا نابینرێت، کەواتە، با بزانین لەسەرەتاوە چۆنە؟.

بە هەڵە نوسین وای لێکردوین کە وا بزانین هەمزە لەسەرەتاوەهەیە، واتە ئەوەی پێی ئەوترێ هەمزەی سەر کورسی، بۆ نمونە:

أ- ئەڕۆم ، ئەنوم.

eřom enum

تێبینی ئەوە دەکەین کە بە لاتینی دەنوسرێن، حساب بۆ هەمزە ناکرێت.

**ب- وشەیەکی وەك: قوڕ + ئاو ← قوڕاو**

**کەواتە هەمزەکەی حسابی بۆ نەکراوە**

**ج- وشەیەکی وەك (ئازاد) ، لەم وشەیەدا دو هەمزەی تێدایە:**

**ء ء**

1- **سەرەتای وشەکە (ئا).**

2- **دوای فۆنیمی (ز) ، کەچی لە خوێندنەوەدا یان لە گۆکردندا، هەمزەکەی دوای (ز) حسابی بۆ نەکراوە.**

**بە پێی ئەم بۆچونە هاتنی ڤاوڵ لە سەرەتاوە دەربڕینی ئاسان نییە، هەر بۆیە دەنگێك دەردەکەوێ کە گۆکردنی وەك هەمزەیە بۆ یارمەتیدانی درکاندنی ڤاوڵەکە، ئەمە ئەو دەنگەیە کە بە هەڵە لێمان بووە بە هەمزە و داشمان ناوە بە فۆنیم و خستومانەتە ریزی کۆنسنانتەکانەوە، کەواتە هەمزە دەنگێکی فۆنەتیکی یە و تا ئێستا نەبووە بە فۆنیم ، لێرەوە پرسیارێ سەرهەڵدەدات، کە ئایا ڤاوڵ لەسەرەتاوە دێت:**

**ئێمە وای بۆ دەچین کە وشەیەك یان بڕگەیەك کە سەرەتاکەی ڤاوڵ بێ، لەبەرئەوەی درکاندنی ڤاوڵ لەسەرەتاوە گرانە، ئەوا دەنگێکی فۆنەتیکی دەکەوێتە پێشیەوە و ئەو دەنگە حسابی کۆنسنانتی بۆ دەکرێ کە ئەو دەنگەش هەمزەیە و ئەمەش لە بڕگەکردنی کوردیدا ئاسانکاریمان بۆ دەکات ئیتر ئەمە لە هەموو ئەو وشانەی تری لەو جۆرە هەر ئەو رۆڵە دەبینێ:**






**2- بزرۆکە** (i):

ئەم دەنگە لە کوردیدا واتای وشە ناگۆڕێ و لەسەرەتا و کۆتایی وشە و بڕگەی کوردیدا نایەت.

(غازی) لە نامەی ماستەرەکەیدا، ئەم دەنگەی (i) بزرۆکە، بە ئەلەفۆنێکی، فۆنیمی (ی) داناوە. (فەتاح 1982، ل 250، 251) یاسایەکی گشتی هەیە، بە پێی ئەو یاسایە، بڕگە بە بێ ڤاوڵ نابێ، کەچی لە چەندان وشەی وەك (من، کچ، ژن) جگە لە کۆنسنانت، ڤاوڵ بەدیناکرێت، لێرەدا دو بۆچون دێتە کایەوە، یان ئەوەتا بڕگە لە کوردیدا دەشێ بە بێ ڤاوڵ دروست ببێت یان نابێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە بڕگە بە بێ ڤاوڵ نابێ، هەر بۆیە لەگەڵ بۆچونەکە (غازی) دا یەکدەگرینەوە و دەڵێین:

لە نێوان ئەو دو کۆنسنانتەدا (م - ن (من) ئەو ئەلەفۆنە بونی هەیە و رۆڵی ڤاوڵی بڕگەکە دەبینێ، بەڵام پلەی فۆنیمی نی یە، بەم شێوەیە:

من min

↙ ئەلەفۆنی (ی) رۆڵی ڤاوڵی ئەبینێ.

تێبینی: لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا وێنەی بۆ دانراوە، بەڵام لە ئەلفوبێ لاتینی یەکەدا (i) ئەم وێنەیەی بۆ دانراوە، ئەگەرچی ئەلەفۆن وێنەی بۆ دانانرێت، جگە لەمە لەبەر هەندێ هۆکاری تریش کە دواتر لێی دەدوێین، لە راستیدا لە ئەلفوبێی لاتینیشدا پێویست ناکا وێنەی بۆ دابنرێ.

**3- (ع):**

ئەم دەنگە لە کوردیدا فۆنیم نی یە، بەبەلگەی ئەوەی وشەیەکی کوردیمان نییە ئەم دەنگەی تێدا بێ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ دەنگی هەمزەشدا جێی یەکتر دەگرنەوە وەك: (ئاسمان - عاسمان - قورئان - قورعان) هەرئەم جێگرتنەوەی یەکتر بەلگەی ئەوەن کە (همزە و ع) هیچیان پلەی فۆنیمیان لە کوردیدا نییە.

**4- ( و ) u:**

ئەم فۆنیمە شێوەی درکاندنی هەمان ڤاوڵەکانی تری هەیە، بەو پێ یە ناکرێ کۆنسنانت بێ، کەواتە لە ریزی ڤاوڵەکانی زمانی کوردیدایە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش

که زۆر جاریش رۆڵی کۆنسنانت ئەبینێ، بۆ نمونە، لەو وشانەدا یان لەو بڕگانەدا کە ڤاوڵێکی تریان تیا بێ:

د ا و ا — d a w a
↓ ↓ ↓ ↓ — ↓ ↓ ↓ ↓
v c v c — v c v c

ئەمە راستە لە بەرئەوەی لە بڕگەیەکدا نابێ دو ڤاوڵی تێدا بێ بەو پێیە فۆنیمی (و) لەوێدا رۆڵی کۆنسنانت ئەبینێ، ئەمە بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە کە ئەم فۆنیمە فرە ئەرکە (خۆشناو 2014، ل 51 ،52 ، 53) واتە ئەتوانێ ئەرکی کۆنسنانتیش ببینێ، بەلاّم کۆنسنانت نیە، بەڵکو لە ڕیزی ڤاوڵەکاندایە.

5- (ی) (î):

هەمان ئەو بۆچونەی سەرەوە دەربارەی ( و ) بۆ ئەمیش دروستە، واتە لە ریزی ڤاوڵەکانە و بەلاّم فرە ئەرکە بۆ نمونە:

گیا — î — g y a
y — î y a r
↓ ↓ ↓ ↓ — ↓ ↓ ↓ ↓
c c v — v c v c

بە پێی ئەم بۆچونە بۆ رێنوسە لاتینی یەکە دو ئەگەرمان لەبەردەستدایە :

1- پێویست ناکات بە دو وێنەی جیاواز بنوسرێن { واوی ڤاوڵ (u) ، واوی کۆنسنانت (w) ، هەروەها ( ی ) ڤاوڵ ( î ) ، (ی) کۆنسنانت (y) }.

2- ئەو دو وێنە جیاوازە بمێنێتەوە وەك ئێستا جارێك وەك ڤاوڵ و جارێك وەك کۆنسنانت.

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە وەك رێنوسە عەرەبی یەکە یەك وێنەیان هەبێ، چونکە یەکێك لە کێشەکانی رێنووسی کوردی بە لاتینی لەو دو وێنەیەدا کە بە دڵنیایەوە جگە لە پسپۆڕانی زمان، خەڵکانی تر (پزیشك، ئەندازیار، پارێزەر، فەرمانبەر، نوسەر، کاسب، ...) لە نوسیندا هەڵەی تێدا دەکەن، بەلاّم لە رێنوسە عەرەبی یەکەدا چونکە یەك وێنەیان

هەیە، ئەوە کەس هەڵەی تێدا ناکات، لە راستیشدا جیاکردنەوە و ناسینەوەی کۆنسنانت و ڤاولّ، ئەمە پیشەی پسپۆڕانە و ئەگینا ئەمە ئیشی خەڵکانی تر نی یە.

6- ( وو ) – Û:

ئەم دەنگە لە کوردیدا بە واوی درێژ ناوبراوە، بە بڕوای ئێمە ئەم دەنگە لە کوردیدا پلەی فۆنیمی نییە، بۆ ئەوەی بۆچونەکانمان سەبارەت بەم دەنگە لێرەدا دوبارە نەکەینەوە، پێشنیاز دەکەین کە سەیری ئەو توێژینەوەیەمان بکرێت کە لە گۆڤاری ئەکادیمی زانکۆی سلێمانیدا بلاّوکراوەتەوە.

7- (نگ):

ئەم دەنگە لەسەرەتاوە زمانەوانەکان رای جیاوازیان دەربارەی هەبووە، هەندێك بە فۆنیمیان داناوە و لە رێنوسە لاتینی یەکەشدا وێنەیان بۆ داناوە و هەندێکی تریش بە فۆنیمی دانانێت.

ئێمە لەم سالاّنەی رابوردودا توێژینەوەیەکمان سەبارەت بەم دەنگە لە گۆڤاری ئەکادیمی زانکۆی سلێمانیدا بلاّوکردەوە و لەوێدا وامان لەقەڵەم داوە کە ئەم دەنگە بە تەنیا لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمە، بەلاّم کە قسە لەسەر زمانی ستاندەر بێ، ئەوا ئەگەرچی لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمیش بێ، بەلاّم نابێ لە زمانی ستاندەردا، حسابی بۆ بکرێ، هەر بۆیە ئاساییە کە وەك هەمو دەنگەکانی تر، ئەمیش دو دەنگە و (ن - گ) بە دوای یەکدا دێن، زمانەوانەکانیش * هەمان بۆچونیان هەیە.

ج - برِگە:

ناسینەوە و دیاریکردنی سنوری برِگە لە کوردیدا زۆر ئاسانە و زۆربەی زمانەوانە کوردەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە شەش جۆر برِگەمان لە کوردیدا هەیە:

1- بچوکترین برِگە:

پێکدێت لە کۆنسنانتێك و ڤاولێك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| no نۆ | şa شا | ba با | dê دێ |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| cv | cv | cv | cv |

2 - برِگەی cvc : واتە کۆنسنانتێك و ڤاولێك و کۆنسنانتێك وەك:

m o r مۆر      ş a r شار

↓ ↓ ↓      ↓ ↓ ↓

c v c      c v c

3- بڕگەی cvcc: واتە کۆنسنانت، ڤاول، کۆنسنانت، کۆنسنانت واتە کۆتاییەکەی دو کۆنسنانت بێ وەك:

d e s t دەست      b e r d بەرد

↓ ↓ ↓ ↓      ↓ ↓ ↓ ↓

c v c c      c v c c

4- بڕگەی ccv: واتە دو کۆنسنانت لە سەرەتاوە و ڤاوڵێك لە کۆتاییەوە، وەك:

k w a کوا

↓ ↓ ↓

c c v

5- بڕگەی ccvc: واتەدو کۆنسنانتی سەرەتا ، ڤاوڵێك، کۆنسنانتێك:

x w a r خوار      Ç w a r چوار

↓ ↓ ↓ ↓      ↓ ↓ ↓ ↓

c c v c      c c v c

6- گەورەترین بڕگەی کوردی: دو کۆنسنانت، ڤاوڵێك، دوکۆنسنانت ( فەتاح 1982 ، ل 232،233 ):

x w a r d خوارد

↓ ↓ ↓ ↓ ↓

c c v c c

لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوەبین، کە هەندێك رایان وایە کە لە سەرەتاوە هەرگیز دو کۆنسنانت لە کوردیدا نییە و هەر بۆیە بە لاتینی بەم جۆرە دەنوسن:

| | |
|---|---|
| بردم | birdim |
| پشت | pişt |
| کوا | kiwa |
| شوان | şiwan |

ئەم بۆچونەش زانستی نی یە، چونكە ئەگەر ئەو بۆچونە هەڵەیە پەسند بێ كە گوایە دو كۆنسنانتی سەرەتامان نی یە، ئەوا جۆرەكانی بڕگە لە كوردیدا، سێ جۆریان لەو شەشەی دیاریمانكرد دەمێنێتەوە، چونكە ئەم سێ جۆرەیان نامێنێ:

| | |
|---|---|
| کوا ccv | گیا ccv |
| چوار ccvc | گیان ccvc |
| خوارد ccvcc | |

كەواتە لە كوردیدا دو كۆنسنانتی سەرەتامان هەیە بە مەرجێك دەنگی دووەمیان یان (و) بێ، یان (ی) بێ، بەم جۆرە:

شوان ş w a n → c c v c

گیان g y a n → c c v c

بۆ زیاتر رونكردنەوەی ئەم لایەنە، با وشەیەكی وەك (شوان) بڕگە، بڕگە بكەین كە بۆ بڕگەكردنی ئەم ئەگەرانەمان هەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1- شوان | ش وان | şi wan | دو بڕگە |
| 2- —— | شو ان | şw an | دو بڕگە |
| 3- —— | شوا ن | şwa n | دو بڕگە |
| 4- —— | شوان | şwan | یەك بڕگە |

ئاشكرایە كە جگە لە ئەگەری چوارەمیان ، سیانەكەی تر پەسەند نین و هەرگیز هیچ كوردێك بەو جۆرە قسەناكات و بەو جۆرانە وشەكە نادركێنێ و گوێ ناكات، كەواتە

تەنیا ئەگەری چوارەمیان دروستە و زانستی یە، واتە وشەکە یەگ بڕگەیە و لە دو کۆنسنانتی سەرەتا و ڤاوڵێك و کۆنسنانتی کۆتایی پێکهاتووە.

لەم دواییەدا لای هەندێ لە زمانناسان (ئەمین 2009 ، ل 16) ئەو بۆچونە هاتۆتە کایەوە کە قاڵبەکانی بڕگە لە کوردیدا ، شەش قاڵب نییە، بەڵکو نۆ قاڵبمان هەیە، وەك:

ئازاد A ZAD ⟵ بڕگەی یەك ڤاوڵ A

ئاو AW ⟵ بڕگەی vc

ئارد ARD ⟵ بڕگەی vcc

هەڵەی ئەم بۆچونە لەوەدایە کە یاسایەك لە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییان لە بیرکردووە، بە پێی ئەو یاسایە:

دوا دەنگی بڕگە لە کاتی گەورە بونی بڕگەکەدا، دەپەڕێتەوە و لەگەڵ دەنگەکانی تردا بڕگەی نوێ دروست دەکات (موسا 2009 ، ل 15 - 18) بۆ رونکردنەوە:

دار ⟵ ئەم وشەیە یەك بڕگەیە و (ر) دوا دەنگی بڕگەکەیە، هەر کاتێ کەرەسەی

تربۆ وشەکە زیادبکەین، ئەوا دوا دەنگ کە (ر) ەکەیە دەپەڕێتەوە و بڕگەیەکی نوێ دروستدەکات:

دار + ا ⟵ دا را

a + dar ⟵ da ra

بەڵام لە وشەکانی وەکو: {نوێ / گوێ} دوادەنگ کە (ێ) کەیە، ناپەڕێتەوە و لە بڕگەکەی خۆی نابێتەوە، لەبەر ئەوەی (ێ) ڤاوڵە، چونکە ئەگەر بپەڕێتەوە دەبێ بە دەنگی یەکەم و بەو پێ یە بڕگە نوێیەکە بە ڤاوڵ دەستپێدەکات.

بۆ نموونە:

گوێ + ز ⟵ گوێز ⟵ بڕگەی نوێ دروست نەبو

گوێ + زان ⟵ گوێ - زان ⟵ کەواتە (ێ) لە بڕگەکەی خۆی جیانەبۆوە.

ئەو یاسا فۆنۆلۆژییە باشترین بەڵگەیە و پێمان دەڵێ کە بڕگە لە کوردیدا بە ڤاوڵ دەستپێناکات، کەواتە ئەو سێ قاڵبەی زیادکراوە دروست نییە، ژمارەی قاڵبەکانی بڕگەی کوردی لە شەش تێناپەڕێ.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە پرنسیپێکی زانستی زمان بدەین کە لە لای هەندێ کەس بە هەڵە وای دەبینن کە تا ژمارەی فۆنیمەکان زۆر بێ ئەوە بۆ زمان باشە، ئەمە بۆچونێکی هەڵەیە، چونکە زمان هەیە ژمارەی فۆنیمەکانی لە کورد کەمترە و کەچی فەرهەنگەکەشیان دەوڵەمەندترە.

لە ڕاستیدا، چالاکی زمان لە ژمارەی فۆنیمەکاندا نی یە، بەڵکو چالاکی زمان لە لێکدانەکاندایە، بە واتای ئەوەی چەندە دەتوانێ بە لێکدانی فۆنیم و مۆرفیمەکان، وشە و زاراوە داڕێژێ، هەر وایشە کە بە ژمارەیەکی کەم لە فۆنیمەکان، هەزاران وشە و مۆرفیم دادەڕێژێ و هەروەها بە ڕیزبوونی ئەمانیش، هەزاران هەزار رستە دادەڕێژێ.

## 4 - ڕێنوسی کوردی

### أ- ڕێنوسی کوردی:

ئاشکرایە کە لە ئێستادا دو ڕێنوس لە ئارادایە: (نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی) کە لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنوسین و لە ڕۆژئاوا و باکوری کوردستانیش بە ئەلفوبێی لاتینی دەنوسین.

هەر یەکێ لەم دو ڕێنوسە لایەنگری خۆی هەیە، بە واتای ئەوەی هەندێك ڕێنوسە عەرەبیەکەیان پێ باشە و هەندێکی تریش لاتینی یەکە و هەر لایەش کۆمەڵێ پاساو بۆ دروستی بۆچونەکەیان دەهێننەوە.

لە ڕاستیدا ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە ڕێنوس ئەوەندە گرنگ نییە، بەو جۆرەی کە گەورە کراوە، چونکە ئەلفوبێ واتە وێنەی دەنگەکان، هەر کاتێك بمانەوێ زۆر بەئاسانی دەتوانین بیانگۆڕین و هەندێ وێنە دابنێین کە لە هی کەسی تر نەچێ و هی خۆمان بێ، بەڵام ئەمە پێویست ناکات و میللەتانی تریش خۆیان بەمەوە خەریك نەکردووە، ئەو چەند ئەلفوبێ یەی لە ئارادایە، میللەتان وەریانگرتووە و هەندێ گۆڕانکارییان تێدا کردووە و لەگەڵ زمانەکانی خۆیاندا گونجاندویانە و ئێمەش هەر وامان کردووە.

خاڵێکی تریش کە گرنگە و دروستی ئەو بۆچونەمان دەسەلمێنێ، ئەوەیە کە یەکێ لە جیاوازییە هەرە گرنگەکانی نێوان زمان و نوسین لەوەدایە، کە زمان بە بڕیار گۆڕانی بەسەردا نایەت، بە پێچەوانەوە بە بڕیارێك دەتوانین ڕێنوس بگۆڕین، هەروەك چۆن لە کات خۆیدا (تورکیا) ڕێنوسە عەرەبیەکەی گۆڕی بە ئەلفوبێی لاتینی.

بە بڕوای ئێمە لەمەشدا دیسانەوە دەتوانین بە هەردو ئەلفوبێ یەکە بنوسین و لە ماوەیەکی زۆر کەمیشدا دەتوانین هەردوکیان فێرببین، خۆ ئەگەر یەکێکیشیان هەڵبژێرین ئاساییەو کێشەیەکی گەورە نی یە، بەڵام جێی خۆشێتی لە ڕوی زانستی یەوە گرفتەکانی هەر دو ڕێنوسەکە بزانین.

**ب- کێشەکانی نوسینی کوردی بە هەر دو ئەلفوبێ یەکە وبەراوردکردنیان:**

1- نیگاری دەنگەکان:

یەکێ لەو کێشانە ئەوەیە کە لە ئەلفوبێی عەرەبیەکەدا وێنە بۆ بزرۆکە دانەنراوە، بەڵام لە ئەلفوبێ لاتینی یەکەدا وێنەی بۆ دانراوە، بەم جۆرە (i).

بە بڕوای ئێمە ئەمە کێشە نییە، چونکە وەك پێشتر باسکرا ئەم دەنگە ئەلەفۆنە و وێنەی بۆ دانانرێ، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە بون و نەبونی وەك پێداویستی بۆ پێکهاتەی بڕگە، ئەمە کاری پسپۆڕانی زمانی کوردییە، ئەگینا کەسانی تر بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە (فەرمانبەر، کارگوزار، کاسب، پزیشك، پارێزەر، ئەندازیار، مامۆستا ,..) نە دەزانن بزرۆکە چییە و نە ئیشیان پێیەتی، هەروەها بونی وێنەکەی لە لاتینیدا نەك کێشەی چارەسەرنەکردووە، بەڵکو کێشەی گەورە کردووە، کێشەی زۆر گەورەش بۆ ڕێنوسی کوردی دەنێتەوە، چونکە جگە لە پسپۆڕانی زمانی کوردی، خەڵکانی تر لە نوسینیدا هەڵە دەکەن کە کەسێکی ناپسپۆڕ چۆن دەنگێك بنوسێ کە نەدرکێنرێ، لە بەر ئەوە پێشنیازی ئەم باسە ئەوەیە وێنەی بۆ دانەنرێ و لە لاتینی یەکەشدا لابرێ.

2- بۆ هەردو فۆنیمی (و - ی):

لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا وێنەیان بە کۆنسنانتی و بە ڤاولی وەك یەکە و لە لاتینی یەکەدا ئەمە جیاکراوەتەوە:

| کۆنسنانت C | | ڤاول V | |
|---|---|---|---|
| و | w | و | u |
| ی | y | ی | î |

دیسان لەمەشدا ئێمە بە باشی دەزانین کە هەریەك وێنەیان هەبێ لەبەرئەوەی تەنیا پسپۆڕانی زمانی کوردی کۆنسنانت و ڤاوڵ دەناسن و ئەمە پیشەیانە، ئەگینا کەسانی تری ناپسپۆڕ، نازانن کۆنسنانت و ڤاوڵ چی یە؟ ئیتر چۆن بە دو وێنەی جیاواز بیاننوسن، بە بێ گومان دەبێتە مایەی هەڵەیەکی زۆر لە رێنوسی کوردیدا، لە بەر ئەوە هەریەك وێنە گونجاو و دروستە، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەش دەزانین کە لەم توێژینەوەیەدا ئەو دو فۆنیمە تەنیا بە ڤاوڵ ناسێنراون و فرە ئەرکن، واتە دەنگێك نی یە هەم ڤاوڵ بێ و هەم کۆنسنانت، تا دو وێنەی جیاوازی هەبێ.

بە پێی ئەم باسە ئەوانەی باسکران، بە پێچەوانەوە لە جیاتی ئەوەی لایەنی کەموکورتی ئەلفوبێ عەرەبیەکە بێ، بەڵکو لایەنی باشەی ئەو ئەلفوبێ یەیە.

3- لە ڕاستیدا ئەوەی کێشەیە لە ئەلفوبێ عەرەبیەکەدا ئەوەیە کە وێنە بۆ هەمزە دانراوە و ئەوەشمان زانی کە ئەم دەنگە فۆنیم نی یە، کەواتە لێرەدا لایەنی باشی ئەلفوبێ لاتینی یەکە ئەوەیە کە ئەم دەنگە وێنەی بۆ دانەنراوە.

4- لایەنێکی تری کێشەی ئەلفوبێ عەرەبییەکە ئەوەیە کە وشە داڕێژرا و لێکدراوەکان چۆن بنوسین بە جیا یان بەسەریەکەوە بۆ نمونە:

یاری کرد ⟵ یاریکرد

سروشتی پیتەعەرەبییەکان بەو جۆرەیە،بەڵام کە بە پیتە لاتینی یەکان دەیاننوسین ئەم کێشەیەمان نامێنێ ⟵ yarîkrd

تێبینی:

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمەش دەبێ زۆر بە ئاگاداری و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدابکەین، چونکە هەندێ جار باس لەوە دەکرێ کە لە نوسیندا دەبێ وشە لێکدراوەکان و فرێز لەیەك جیابکەینەوە، بۆ نمونە: (کشت و کاڵ) دەبێ بە سەریەکەوە بینوسین چونکە یەك وشەیە لە فەرهەنگدا (کشتوکاڵ) ، بەڵام (ئەدەب و هونەر) نابێ بەم جۆرە بنوسرێ (ئەدەبوهونەر) چونکە دو وشەن.

لە ڕاستیشدا ئەمەش کێشەیەکی دروستکراوە، چونکە ئەوانەی پسپۆڕ نین نازانن وشەی لێکدراو کامەیە و فرێز چی یە؟ تا لەیەکیان جیابکەنەوە، لەبەر ئەوە هەر هەڵەی تیا دەکەن، خەڵکانی ناپسپۆڕ نازانن (بکەر، بەرکار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار) چی یە و زمانیشیان پاراوە.

هەر لێرەدا دەبێ ئەوەش تۆمار بکەین کە لە ئەلفوبێ لاتینی یەکەدا ئەمە چارەسەرکراوە، چونکە سروشتی پیتەکان بەوجۆرەیە:

Kştukal
Edebuhuner

## 5- ئەنجام:

1- ل دویف ڤێ لێکۆلینێ هژمارا فۆنیمێن زمانێ کوردی (31) فۆنیمە و پێکهاتینە ژ (25) کۆنسنانت و (6) ڤاولان.

2- هەردوو ئەلفوبێێن کوردی ب تیپێن عەرەبی و لاتینی، ئارێشێن تایبەتیێن هەین و هندەك ژ وان ئارێشان یێن هاتینە دروستکرن.

3- د دەنگسازی و کریارا نڤێسینێدا یا دیارە کو ئەڤ هەردوو بیاڤە د وارێ زمانناسییێدا دوو تشتێن ژ هەڤدوو جودانە و دەنگسازی ب هەردوو لقێن خۆ یێن فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیڤە یا تەرخانکریە بۆ لێکۆلینا دەنگێن بەهادارێن زمانی ل دەڤ مرۆڤان ب رەنگەکێ گشتی و دیارکرن و دەستنیشانکرنا فۆنیم و یاسیێن دەنگی د زمانەکێ دیارکریدا , هەمبەر ڤێ ژی کریارا نڤێسینێ دیاردەکە د مێژوویا مرۆڤایەتییێدا زۆر درەنگتر ب دەستڤەهاتیە, وەکو هەولدانەکا مرۆڤی بۆ تۆمارکرنا چالاکی و پشکەکێ ژ ئاخفتنا خۆ.

4- ئەرێ ئەو ئەلفابێیێن ل بەردەستێ مە, ئەلفابێیێن فۆنەتیکینە یان فۆنۆلۆژینە؟ و چ جۆرە ئەلفابێ ژ وان د گۆنجای ترن بۆ نڤێسینێ و ژبەر چ؟ هەلبەت ئەڤە هەمی پسیارن و د شیاندایە کۆمەکا پسیارێن دیتر ژی بهێنەکرنێ و ئەڤان پسیاران ژی هەمیان بەرسڤێن زانستی دڤێن. بۆ ڤێ چەندێ هندەك نڤێسەر بەرەڤ وێ هزرێ دچن کو بۆ هەر دەنگەکێ بەهادارێ زمانی (فۆنیمەکێ) هێمایەك (تیپەك) بهێتە

دانان کو ئەڤە ئالیگرێن ئەلفابێیا فۆنۆلۆژینە و هندەکێن دی بەرەڤ وێ هزرێ دچن کو بەرامبەر هەر(ئەلۆفۆنەکێ) کو ئەلۆفۆن بخۆ بخۆ ئاوایەکێ جودا جودایێ دەربڕینا ئێك دەنگێ زمانییە واتە فۆنیمەکێیە تیپەك بهێتە دانان کو ئەڤە ژی ئالیگرێن ئەلفابێیا فۆنۆلۆژینە. ل ڤێرێ ئەوا ژ هەژی دیارکرنێیە بۆ هەردوو ئەلفابێیێن مە هەین یا (عەرەبی) و یا (لاتینی) مە هەردوو پەیرەوێن فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی تێکەل کرینە.

-5 راستنڤیس، د هەردوو ئەلفابێیێن عەرەبی و لاتینیدا بۆ نڤیسینا کوردی هەتا نهو راستنڤیسەکا ئێکگرتی نینە. نموونە ژی بۆ ڤێ چەندێ هندەك نڤیسەر پێشگر و پاشگر وناڤگر و ئامراز و ئەسپێکتێن کاری ب پەیڤێڤە د نڤیسن و هندەك ژی جودای پەیڤێ دنڤیسن، دیسان ژی هندەك پەیڤێن دارێتی و لێکدای پێکڤە دنڤیسن هندەك جودا دنڤیسن، ژ بلی نە پێگیریکرنێ ب خالبەندیێ. هەلبەت ئەڤ چەندە ئاریشەکا زۆرا مەزنە چ بۆ وارێ پەروەردێ و فێرکرنا نڤیسینا زمانی ل دەڤ قوتابییان یان بۆ فێرخازێن بیانی دەمێ دڤێت فێری نڤیسینا کوردی ببن و چ ژی بۆ کریارا وەرگێڕانێ یان جهگرتنا پەیڤان د فەرهەنگێن لێکسیکێدا و .. هتد.

-6 دڤێ قوناغێدا هەردوو ئەلفابێیێن عەرەبی و لاتینی بۆ نڤیسینا کوردی یێن کەڤتینە ژێر کارتێکرنا دەڤۆکێن ناڤخۆیی , ئەڤرۆ هژمارەکا نڤیسەران هەروەکی مالا خۆ یان هۆز و باژێرکێ خۆ دنڤیسن، هەلبەت زالبوون ل سەر ڤێ دیاردێ نهو یا بۆیە کارەکێ گران ئەڤە ژی بۆ وێ چەندێ دزڤریت کو ڤان ئەلفابێیێن هەین سەنتەرێ خۆ یێ ژ دەستدای و ئەڤرۆ ل کوردستانێ چ دەزگەه و دەسەلاتێن باوەرپێکریێن زمانی نین کو هزرەکا زانستی و لۆژیکی

بدەنە نڤیسەرێ کورد کو ئەخلاقیانە هەر ئێك ژ لایێ خۆ ڤە پێگیریێ ب شیرەت و راسپاردێن وی دەزگەهی بکەت.

**6 - سەرچاوەکان:**

ئەمین، وریا عومەر. (2009). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. چاپخانەی ئاراس. هەولێر.

ئەمین، وریا عومەر. (1982). گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، ژ (9). بەغداد.

خۆشناو، نەریمان عبداللە. (2014). دەنگسازی. ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. هەولێر.

رەسول، عەبدوڵلا حوسێن.(2006). ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ فۆنیم لە نێوان کوردیی ناوەڕاست و باکوردا. گۆڤاری زانکۆ- گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژ (27). هەولێر.

علی، بکر عمر. (2014). چەند لایەنێکی زمانەوانی. چاپخانەی هێڤی. هەولێر.

علی، بکر عمر. (2005). گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ (15). سلێمانی.

فتاح، محمد معروف. (1982). گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، ژ (9). بەغداد.

مارف، ئەوڕەحمانی حاجی.(1976). زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا.

محەمەد، کسر یاسین. (2009). جیاوازییا بکارهینانا فۆنیمان د کوردییا سەری و ناڤەراستدا.ناما ماستەرێ. زانکۆیا دهۆك.

موسا، عەبدولوەهاب خالد. (2009). هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

موسا، عەبدولوەهاب خالد. (2010). ڕەخساندنا ڕێنڤیسا زمانێ کوردی ب
تیپێن عەرەبی. گوڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا (13)، ژ (2).
وەیس، غازی فاتح. (1984). فۆنەتیك. چاپخانەی الادیب. بەغداد.

Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. Fifth edition.
Roach, P. (2000). English Phonology and Phonetics. Third edition.
Alkhuli, Muhammad Ali. (2002). English Phonology and Phonetics. Nine edition.
Carr, P. (1993). Phonology. First published. London.
MacKenzie, D.N. (1961). Kurdish Dialects Studies-1. Oxford Uni- Press. London.

**Extended Abstract**

Historical events played a big role in the fact that the Kurds still do not have an own alphabet without obstacles. If those obstacles are known to researchers and if they investigate in them and obtain cultural results, the latter can become a scientific fundament so that step by step the formal Kurdish writing can be built on.

The Kurdish language could save itself from dying and not being, but because of the circumstances the Kurds and Kurdistan had to go through it could not manage to become a general written language in Kurdistan and its regions and a language having its own culture with its own written alphabet. The result of this problem leaves the following two negative points:

Firstly, Kurds do not have a common writing culture.

Secondly, the Kurdish language has several dialects and different accents and Kurdistan is divided among multiethnic and multicultural countries that have their own native languages seperate from Kurdish. All these factors lead to the loss of the identity of Kurdish people and the Kurdish language. Nowadays, in the field of Kurdish writing, whether we want it or not, we have two Kurdish alphabets. Each one of those has been used for writing for a good period of time and each one of those has its own supporters.

Each of both alphabets the Kurds have for writing, whether the Arabic or the Latin letters of the alphabet are used, has its obstacles and shortcomings that are to be shown in the following points:

1. Researches in the fields philosophy, civilization or religion with respect to the formation of an alphabet did not become the fundament that nowadays those can be used as a standard and general alphabet in the Kurdish language without obstacles. Till now, there are still contrary discussions among Kurds depending on which of both alphabets they support.

2. People speaking the southern Kurmanci dialect tried to adjust the Arabic alphabet for the Kurdish writing. Opposed to that, people speaking the northern Kurmanci dialect tried to adjust the Latin alphabet for the Kurdish language. The result was that two separate alphabets were used in two different regions; one adapted by people speaking the Sorani dialect, the other by people speaking the Kurmanci dialect. Others, like Lur, Kalhur, Hawraman or Zaza each of them joined the first or second group depending on their geographical situation or politics.

3. Most of the writers and scholars that worked in that field were under the influence of enthusiasm for their homeland, regional or personal issues when developing ideas. Opposed to that hypotheses, methods and exemplary researches were neglected when looking for a scientific solution for that problem.

4. A scientific approach to that issue:

a. Those alphabets that are given nowadays are a kind of mixture of the basic understanding of phonetic and phonology and the writing itself in it shows that both of these things are to be differenciated in linguistics.

b. Are those alphabets that are used nowadays phonetical or phonological? And which kind of those alphabets is the most suitable one for writing and why? Without a doubt those are all questions and there are lots of more questions to be asked and those questions all need to be answered scientifically. Here it is important to show that in both alphabets, being the Arabic and Latin one, we mixed the fields of phonetics and phonology.

c. Rules: In both alphabets, the Arabic and Latin one, for the Kurdish writing there are stiil no common rules. Examples for those are some words containing prefixes, suffixes, infixes, prepositions and some aspects of verbs that are added to a word when written but some write them separately. Another example is that some write compound and complex words together, others write them separately; there is no importance given to guidelines.

5. In this section both alphabets, the Arabic and Latin one, for the Kurdish writing are influenced by internal regions. Nowadays, several writers write like they speak in their stem or little villages. Of course, control in this field has become something very difficult and that is due to the cause that the alphabets used have given up their centers in Kurdistan.